# قوربانیانی کورد و دۆسیەی گۆڕە بە کۆمەڵەکان لە عێراق



نووسینی: هێمن حەسیب

## پێشەکی

مێژووی کورد لە باشوری کوردستان، مێژوویەکی پڕە لە گۆڕ غەریبی رۆڵەکانی، ئەمەش بەهۆی مێژوویەکی پڕ لە تاوانکاری داگیرکەرانی کوردستان، کە بەرانبەر بە نەتەوەی کورد ئەنجامیانداوە، هەر بۆیە دەتوانین بڵێین کورد و گۆڕی بە کۆمەڵ، دووانەیەکی تێکهەڵکێشراوی رۆژانە بوونە.

ئەگەر بە خێرایی سەربوردەیەکی مێژوویی تەنها بۆ نیوەی دووەمی سەدەی رابردوو بکەین، دەبینین لە ساڵی (1963)ەوە، واتا لەسەردەمی حەرەس قەومیەکانەوە، ئیدی گۆڕی بە کۆمەڵ هەمیشە وەك ماڵی دووەمی تاکی کورد بوونی هەبووە و ئەگەر رۆژ و

هەفتە و مانگ نەبنە پێوەر، ئەوە بە دڵنیایی ساڵ نییە، ڕۆڵەی ئەم نەتەوەیە لە گۆڕی بە کۆمەڵدا نەشاردرابێتەوە.

مەخابن، بە خستنەڕووی ئەو داتا و ئامار و هەنگاوانەی لەم خوێندنەوەدا دەیانخەینە بەرباس، دەبینین جیا لەوەی دەوڵەتی عێراق لە پرسی گۆڕە بە کۆمەڵەکان، دۆسیەی گۆڕی قوربانیانی کوردی تاوانەکانی ڕژێمی بەعسی پەراوێزخستووە، هاوکات دەسەڵاتی حکومڕانی کوردستانیش نەك خۆی بە خاوەنی ئەم دۆسیە نەزانیووە، تەنانەت وەك ئەرکێکی مرۆییش لێی نەڕوانیووە، ئەوەشی لە رابردوودا لەم دۆسیەدا کراوە، پلانی بناغەیی (ستراتیژی) نەبووە، بەڵکو هەوڵی گروپ و ناوچە و هەندێکجاریش لە ژێر فشاردا، ئەو کەمە لە کارکردنە کراوە، کە بەپێی پێوەرە زانستی و یاساییەکان، ناچنە چوارچێوەی کارکردن بۆ ئەم دۆسیەیە.

لەم چوارچێوەیەدا بۆ وردبوونەوەی زیاتر، باسەکەمان دابەشی چوار بەش و (10) تەوەر دەکەین.

## بەشی یەکەم: عێراق و گۆڕی بە کۆمەڵ

راستە مەرج نییە گۆڕی بە کۆمەڵ تەنها لە ئەنجامی تاوانکاری و کوشتنی بە کۆمەڵ بێت و لە مێژوودا زۆر نموونە هەن، کە بەهۆی زۆری قوربانیەکان لە کارەساتی سروشتیدا وەك بومەلەرزە و لافاو و ...هتد، دەسەڵات یاخود ئەو کۆمەڵگایە پەنایان بۆ ناشتنی قوربانیەکان لە گۆڕی بە کۆمەڵ بردووە، بەڵام لە عێراقدا گۆڕی بە کۆمەڵ بەرهەمی تاوانکاری و کوشتنی بە کۆمەڵی مرۆڤەکان بووە، ئەمەش بە سێ تەوەر دەیانخەینەڕوو.

## تەوەری یەکەم: پێناسەی گۆڕی بە کۆمەڵ

گۆڕی بە کۆمەڵ، بە گۆڕێك دەوترێت، کە زیاتر لە یەك کەسی تێیدا نێژرابێت، ئیدی قوربانیەکان لە ئەنجامی تاوان کوژرابن یاخود بە کارەساتی سروشتی و بڵاوبونەوەی پەتا مردبن.. لەگەڵ ئەوەشدا پێناسەی زۆر بۆ گۆڕی بە کۆمەڵ هەیە، لەوانە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتۆکان، پێناسەی گۆڕی بە کۆمەڵ دەکات، بەوەی "هەر تاکە گۆڕێك، چاڵێك یان ژێرزەمینێك، کە لاشەی سێ مرۆڤ یان زیاتری تێدایە و دوای لەسێدارەدانیان نێژراون، جا ناسنامەکەیان زانراوبێت یاخود نادیارە".

بەپێی ئەم پێناسەیەی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتۆکان، بۆ دروستبوونی گۆڕی بە کۆمەڵ، دوو مەرج هەیە، یەکەمیان: دەبێت گۆڕە بە کۆمەڵەکە لانی کەم، رووفاتی سێ مرۆڤی تێدابێت و دووەمیان: دەبێت قوربانیانی نێو گۆڕەکە قوربانی تاوانێك بن، واتا قوربانیانی کارەساتە سروشتیەکان وەك گۆڕی بە کۆمەڵ ئەژمار ناکات.

هاوکات لە مادەی دووەم لە یاسای ژمارە (5)ی ساڵی (2006)، یاسای پاراستنی گۆڕە بە کۆمەڵەکانی عێراق و هەموارکردنەوەکانی، پێناسەی گۆڕی بە کۆمەڵی کردووە، بەوەی "ئەو خاکەی کە زیاتر لە رووفاتی شەهیدێکی تێدایە و بە شێوەیەکی جێگیر نێژراون یان شاردراونەتەوە، بەبێ ئەوەی پەیڕەوی حوکمەکانی شەریعەت و بەها مرۆییەکان لە ناشتنی مردووان ڕەچاوی بکرێت، بە شێوەیەك مەبەست لێی شاردنەوەی ئاسەوارەکانی کۆمەڵکوژییەکەیە، کە لەلایەن تاك یاخود گروپ یان ئۆرگانێکەوە ئەنجام دەدرێت و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ پێکدەهێنێت".

بەپێی ئەم پێناسەیە، بۆ دروستبوونی گۆڕی بە کۆمەڵ، مەرجە قوربانیەکانی نێو گۆڕەکە، قوربانی تاوانی جینۆساید بن، چونکە لە زمانی عەرەبیدا دەستەواژەی "الاباده الجماعیه" بەرانبەر بە دەستەواژەی جینۆساید دێت، ئەمەش هەڵەیەکی زۆر گەورەی یاساییە و پێشێلکردنی مافی قوربانیانی تاوانەکانی دیکەی بەعسە، چونکە زۆر تاوان لە عێراق وەك جینۆساید نەناسراوە و یاخود ناچنە خانەی تاوانی جینۆساید

و قوربانیەکانی لە گۆڕی بە کۆمەڵدا نێژراون، وەك قوربانیانی تاوانەکانی جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و گیراوانی سیاسی و... هتد، هاوکات ئەم پێناسەیەی یاساکەی عێراق، کێشە بۆ ژمارە و ئامار و داتای گۆڕی بە کۆمەڵ دروست دەکات، بەوەی گۆڕی بە کۆمەڵی قوربانیانی تاوانەکانی دیکەی بەعس بە گۆڕی بە کۆمەڵ ئەژمار ناکات یاخود پۆلێنی ناکات.

لەگەڵ ئەوەشدا دوای (10) ساڵ، لە هەمواری یەکەمی یاساکەدا، لە بری هەمواکردنەوەی پیناسەی گۆڕی بە کۆمەڵ، بڕگەیەك بۆ یاساکە زیادکراوە، کە تێیدا ئاماژە بەوە دەکات، کە ئەم یاساییە سەرجەمی گۆڕی بە کۆمەڵی تاوانەکانی رژێمی بەعس و رێکخراوی تیرۆریستی داعش دەگرێتەوە، ئەمەش لەلایەك چارەسەری کەموکورِی پیناسەکەیە و لەلایەکی دی دژ بە یەکییەك لەگەڵ پێناسە دەگەیەنێت.

## تەوەری دووەم: مێژووی گۆڕی بە کۆمەڵ لە عێراق

مێژووی گۆڕی بە کۆمەڵ لە عێراقدا بە تەنها ناگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی رابردوو، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ پێش دروستبوونی دەوڵەتی عێراقیش.. بەڵام ئەگەر تەنها مێژووی دوای دروستبوونی دەوڵەتی عێراق وەربگرین، ئەوە نزیکترین مێژووی گۆڕی بە کۆمەڵ، دەگەڕێتەوە بۆ کوشتاری ئاشورییەکان لە سمیڵ، کە بە (کوشتاری سمیڵ) ناسراوە، کاتێك لە سەردەمی شا فەیسەڵی یەکەم و کابینەی حکومەتەکەی (رشید عالی گیلانی)، بە سەرپەرشی (بەکر سدقی) سوپاسالاری ئەوکاتی سوپای عێراق و ئیسماعیل عەباوی، بەڕێوبەری پۆلیسی موسڵ، لە مانگی ئابی (1933) دەستکرا بە گرتن و کوشتنی ئاشورییەکان لە ناوچەی سمیڵ و شاردنەوەی تەرمەکانیان لە گۆڕی بە کۆمەڵ، ئەمەش بە تۆمەتی هەوڵی جوداخوازی ئاشورییەکان، تەنها لەبەر ئەوەی داوای ناوچەیەکی حوکمڕانی ئۆتۆنۆمی تایبەت بە خۆیان دەکرد.. نابێت بیرمان

بچێت، کە هەر یەك لە بەکر سدقی و ئیسماعیل عەباوی، بە جێبەجێکاری راستەخۆی کوشتاری سمیڵ تۆمەتبارن.

جیا لەوە، نزیکترین مێژووی بە بەڵگە سەلمێنراو بۆ گۆڕی بە کۆمەڵی قوربانیانی کورد لە نیوەی دووەمی سەدەی رابردوو، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (1963)، دوای هاتنە سەر دەسەڵاتی بەعسیەکان لە کودەتای (8ی شوباتی 1963)، کاتێك لە رێگای میلیشیاکانی حەرەس قەومی هێرش و پەلامار بۆ سەر ناوچەکانی کوردستان دەستی پێکرد و ئەم مێژووە لای کورد بە "ساڵی حەرەس قەومیەکان" ناسراوە.. لەو چوارچێوەیەدا لە ساڵی (2010)، گۆڕێکی بە کۆمەڵ لە قەزای کفری دۆزرایەوە و پاش هەڵدانەوەی، تەرمی (28) کەسی تێیدا بوو، کە قوربانیەکان لە نەتەوەی کورد و پێشمەرگە بوون و مێژووەکەی بۆ تاوانکارییەکانی (1963)ی حەرەس قەومیەکان دەگەڕایەوە.

ولێ ئەوە نیە بڵێین، گۆڕی بە کۆمەڵ لە پێش ئەو مێژووە نییە، چونکە لە ساڵانی حوکمی پادشایەتی (1921 تا 1958)، زۆر راپەڕین و نارەزایی و شۆڕشی کوردی هەبووە، لەوانە شۆڕشی شێخ مەحمود و شۆڕشی بارزان و زۆری دی، کە لەلایەن ئینگلیز و دەسەڵاتدارانی عێراق بە توندی و ئەنجامدانی کوشتار رووبەرووی ئەم هەوڵانەی گەلی کورد بۆ بەدەستهێنانی مافی سەربەخۆیی یاخود خۆسەری بوونەتەوە.

هەرچی لەگەڵ گەڕانەوەی بەعسیەکانە بۆ سەر دەسەڵات لە جاری دووەمدا لە تەمموزی (1968)، ئیدی گۆڕی بە کۆمەڵ دەبێتە پلانکارەی دەسەڵاتی تاوانکاری عێراق، بۆ شاردنەوەی تەرمی قوربانیانی تاوانکارییەکانی.. لەو چوارچێوەیەشدا نزیکترین مێژووی گۆڕی بە کۆمەڵ لە دوای ساڵی (1968) واتا دوای گەڕانەوەی بەعسیەکان بۆ دەسەڵات دۆزرابێتەوە، دوو گۆڕی بە کۆمەڵی گوندی سۆریا (صوریا)یە، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (1969) و قوربانیەکانی لە (14) کورد و (25) مەسیحی پێکدێن.

ئەم تاوانە لە رۆژی (1969/9/16)، لەلان سوپای عێراق ئەنجامدرا، کاتێك گەمارۆی گوندی سۆریا لە سنوری پارێزگای دهۆك دەدەن و تەواوی دانیشتوانەکەی کۆمەڵکوژ دەکەن.

لە دوای ئەو مێژووەوە، ئیدی گۆڕی بە کۆمەڵ دەبێتە ماڵی هەموو کوردێك، کە جیاواز لە عێراقی بەعس بیردەکاتەوە.. هەروەها ئەمە شۆڕدەبێتەوە بۆ گەلانی دی عێراقیش کە جیاواز لە بەعس هەنگاو دەنێین، بە چەشنێك تا روژی رووخانی بەعس لە (2003)، ژمارەی گۆڕی بە کۆمەڵ ئەوەندە زیاد دەکات، تا ئەوەی لە تەواوی ناوەندە جیهانی و ئەکادیمیەکان، ناوی (عێراق وڵاتی گۆڕە بە کۆمەڵەکان)ی لەم وڵاتە بنرێت.

## تەوەری سێیەم: رووخانی بەعس و پرسی گۆڕە بە کۆمەڵ

بە گەڕانەوە بۆ ڕۆژانی دوای رووخانی ڕژێمی بەعس لە (2003/4/9)، دەبینین پرسی گۆڕی بە کۆمەڵ لە عێراقدا، بابەتی ڕۆژەڤ بووە و لە هاوشانی هەوڵەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان و پارتە کوردی و عێراقیەکان بۆ بنیادنانەوەی دەوڵەت، بابەتی دۆزینەوەی گۆڕی بە کۆمەڵ، رووبەری لاپەڕەی ڕۆژنامەکان و شاشەی میدیاکانی بە ناوخۆیی و بیانیەوە گرتۆتەوە.. بە جۆرێك ڕۆژ نەبووە، هەواڵی دۆزینەوەی گۆڕێکی بە کۆمەڵەی تاوانەکانی ڕژێمی بەعس بڵاونەبووبێتەوە.

ئەم گرنگیدان و بە ڕۆژڤەکردنەی ئەم دۆسیەیە، چەند لایەنێکی هەبووە، لەوانە:

یەکەم: زۆری ژمارەی گۆڕە بە کۆمەڵەکان، کە گوزارشت و بەڵگەی سەلمێنەر بوون بۆ زۆری تاوانەکانی ڕژێمی بەعس، کە ڕۆژ نەبووە لە ماوەی (40)ی ساڵی حکومڕانیەکەیدا، تاوانی بەرانبەر بە هاوڵاتیانی کورد و عێراق ئەنجام نەدابێت.

دووەم: پەرۆشی کەسوکاری قوربانیان بۆ دۆزینەوەی ئێسك و پروسکی کەسوکارە بێسەروشێنکراوەکانیان، هەر بۆیە گەڕان بە دوای گۆڕی بە کۆمەڵ، ئەو ڕۆژانە خەمی یەکەمی کەسوکاری قوربانیان بوو.

سێیەم: گرنگیدانی ئەمریکا و هاوپەیمانان بەم دۆسیەیە بە ئامانجی خستنەڕووی تاوانەکانی بەعس بۆ رای گشتی جیهان وەك بەڵگەیەك بۆ بانگەشەکانیان بۆ تاوانکارییەکانی رژێمەکەی (سەدام حوسێن).

چوارەم: کرانەوەی عێراق بە رووی دونیای ناوەندە مرۆیی و پەیماننامە جیهانیەکانی تایبەت بە پرسی مافی مرۆڤ.

لەگەڵ ئەوەی ئەو ڕۆژانە بابەتی گۆڕی بە کۆمەڵ پرسی ڕۆژەڤ بووە، بەڵام ئەوەی جێی تێڕوانینە، هیچ بریار و یاسایەك لەلایەن ئەنجومەنی حوکم و دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمان (سلگە ائتلاف المؤقت)، بە سەرۆکایەتی پول بریمەر، بۆ ئەم پرسە نەبووە، تەنها یەك هەنگاو نەبێت، ئەویش ئەنجامدانی رووپێوییەك لەلایەن هەردوو بەشی مافی مرۆڤ و ئۆفیسی پەیوەندار بە تاوانەکانی بەعس (RCLO) لە دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان، بۆ ژمارەی گۆڕە بە کۆمەڵەکانی عێراق، کە بە (301) گۆڕی بە کۆمەڵ دیاری دەکەن.

## بەشی دووەم: ژمارەی گۆڕە بە کۆمەڵەکان لە عێراق

لە دوای رووخانی رژێمی عێراق لە (2003/4/9) و دەرکەوتنی قەبارە و ژمارەی زۆری گۆڕە بە کۆمەڵەکان، بووە هۆکاری ناونانی وڵاتەکە بە وڵاتی گۆڕی بە کۆمەڵ، لە ناوەندە جیهانی و ئەکادیمیەکان.

بۆ ئەو مەبەستە هەردوو بەشی مافی مرۆڤ و ئۆفیسی پەیوەندار بە تاوانەکانی بەعس (RCLO)، لە دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان (سلگە ائتلاف المؤقت)، رووپێوییەك بۆ

زانینی قەبارە و ژمارەی گۆڕە بە کۆمەڵەکان دەکەن، کە بەپێی رووپێوییەکە تا رۆژی (2003/6/26) نزیك بە (40) گۆڕ دەدۆزرێتەوە و دواتر ئەو ژمارەیە بەرزدەبێتەوە بۆ (176) گۆڕ لە (2003/7/24) و پاشان کۆی ژمارەی گۆڕە بە کۆمەڵەکان بۆ (301) گۆڕ لە (100) شوێن بەرزدەبێتەوە، بەڵام تائێستا ژمارەی تەواوەتی گۆڕی بە کۆمەڵ نازانرێت، چونکە فەرمانگەی گۆڕە بە کۆمەڵەکانی عێراق، جیا لەوەی پشت بەو رووپێوییەی ئەمریکیەکان نابەستێت، هاوکات پشکنینی سەرەتایی (الکشف الاولی) بۆ گۆڕەکان کردۆتە بنەما بۆ ئەژمارکردنی لە ئاماری ژمارەی گۆڕە بە کۆمەڵەکان، ئەمەش وایکردووە، بەهۆی دواکەوتن لە ئەنجامدانی پشکنینی سەرەتای (الکشف الاولی) بۆ زۆرێك لە گۆڕەکان، بە دەیان گۆڕ نەخرێتە لیستی ئاماری گۆڕەکانەوە.

بۆیە لێرەدا، تەنها ئاماژە بە ژمارەی ئەو گۆڕە بە کۆمەڵانە دەکەین، کە هەڵدراونەتەوە یاخود خراونەتە بەرنامەی هەڵدانەوە و هەروەها ژمارەی ئەو گۆڕە بە کۆمەڵانە دەخەینەڕوو، کە تایبەتن بە قوربانیانی کورد و تائێستا هەڵدراونەتەوە، ئەویش بەمشێوەیە:

## تەوەری یەکەم: ژمارەی گۆڕە بە کۆمەڵەکانی سەردەمی بەعس

بەپێی دوو ئاماری فەرمی بەردەست، ژمارەی گۆڕە بە کۆمەڵەکانی سەردەمی بەعس (1963 ـ 2003) کە تاکو رۆژی (2024/12/31) دۆزراونەتەوە، بریتین لە (187) گۆڕی بە کۆمەڵ، لەو ژمارەیە تەنها (171) گۆڕییان هەڵدراونەتەوە، کە دەکاتە ڕێژەی لە (91.5%) و هێشتا (16) گۆڕییان هەڵنەدراونەتەوە، کە دەکاتە ڕێژەی لە (8.5%)... بۆ زیاتر وردبونەوە لە ژمارەکان، بەم شێوەیە دەیانخەینەڕوو:

1. بەپێی ئامارێکی فەرمانگەی پاراستنی گۆڕە بە کۆمەڵەکانی عێراق، تا کۆتایی ساڵی (2024)، لە عێراقدا (176) گۆڕی بە کۆمەڵی تاوانەکانی بەعس دۆزراونەتەوە، لەو

ژمارەیە تەنها (160) گۆڕێیان هەڵدراونەتەوە، کە دەکاتە ڕێژەی لە (90.9%) و هێشتا (16) گۆڕ هەڵنەدراونەتەوە، کە دەکاتە ڕێژەی لە (9.1%).. بەڵام ئەم ئامارانە، (11) گۆڕی دیکە لە خۆ ناگرێت"لە خوار ڕوونی دەکەینەوە"، کە پێش دامەزراندنی فەرمانگەی گۆڕە بە کۆمەڵەکانی عێراق هەڵدراونەتەوە.

2. بەپێی ئامارێك کە لە رۆژنامەی نوگرەسەلمان، ژمارە (7)ی رۆژی (2012/4/14) بڵاوکراوەتەوە و نووسەری بابەتەکە (هوشیار عیزدەین)ە، کە ئەوکات سەرۆکی تیمی هەڵدانەوەی گۆڕی بە کۆمەڵی سەر بە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان بوو، (9) گۆڕی دیکە لەلایەن تیمی هەرێمی کوردستان و تیمی شارەزاییانی ئەمریکی هەڵدراونەتەوە، کە لە ئامارەکەی فەرمانگەی پاراستنی گۆڕە بە کۆمەڵەکانی عێراقدا نییە، ئەوانیش:

* (2) گۆر لە ناوچەکانی بەسیە لە سەماوە، کە تایبەتن بە جینۆسایدکراوانی بارزانی.

* (2) گۆر لە ناوچەی حەزەڕ لە موسل، کە تایبەتن بە قوربانیانی ئەنفال.

* (1) گۆری بە کۆمەڵ لە سنوری قەزای چەمچەماڵ، کە تائێستا قوربانیەکان و تاوانەکەی نەزانراوە.

* (1) گۆری بە کۆمەڵ لە سنوری قەزای کفری، کە تایبەتن بە قوربانیانی روداوەکانی (1963).

* (1) گۆڕ لە ناوچەی شاخکێ

* (2) گۆڕ لە گوندی (صوریا) لە دهۆك، کە تایبەتن بە قوربانیانی کورد و مەسیحی کوشتاری گوندەکە لە (1969).

3. ئەم دوو ئامارەی سەرەوە، خاڵیە لە دوو گۆڕی بە کۆمەڵی ناوچەی مەحاویل لە پارێزگای بابل، کە لە رۆژی (2003/5/16)، واتا مانگ و نیوێك دوای پرۆسەی

ئازادی عێراق هەڵدراونەتەوە و تیمی ئەمریکیەکان و پزیشکی دادی عێراق، پرۆسەکەیان بەڕێوەبردووە.

4. هیچ ئامارێك لە بەردەست نییە بۆ هەڵدانەوەی گۆڕی بە کۆمەڵی تاوانی بەعس لە سنوری جوگرافی هەرێمی کوردستان لە نێوان ساڵانی (1991 بۆ 2003) و هەروەها ساڵانی (2014 بۆ ئێستا)، ئەگەر لەم ماوە زەمەنییەدا لەلایەن وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان گۆڕی بە کۆمەڵ هەڵدرابێتەوە.

بەپێی ئەو ئامارانە، کۆی گشتی گۆڕی بە کۆمەڵی تاوانەکانی بەعس، بریتیە لە (187) گۆڕی بە کۆمەڵ، کە تائێستا (171) گۆڕێیان هەڵدراونەتەوە و رووفاتەکان دەرهێنراون و (16) گۆڕی بە کۆمەڵیان هەڵنەدراونەتەوە، بەڵام لێرەشدا دەبێت ئاماژە بەوە بکەین، ئەم ئەنجامی کۆتاییە، خاڵییە لە ئامارێك وەك لە خاڵی چوارەمی سەرەوە ئاماژەی بۆ کراوە.

## تەوەری دووەم: ژمارەی گۆڕی بە کۆمەڵی قوربانیانی کورد

لە دوای رووخانی رژێمی عێراق لە (2003/4/9)، ژمارەیەك گۆڕی بە کۆمەڵی قوربانیانی کورد لە تاوانەکانی جینۆسایدی ئەنفال و تاوانی جینۆسایدی بارزانیەکان و تاوانەکانی حەرەس قەومی هەڵدراونەتەوە، کە تائێستا ژمارەیان گەیشتۆتە (40) گۆڕی بە کۆمەڵ لە کۆی (171) گۆڕ کە لە عێراقدا هەڵدراوەتەوە "وەك لە سەرەوە خراوەتەڕوو" و دواینیان دووەمین گۆڕی بە کۆمەڵی ناوچەی تەلشێخیە لە پارێزگای موسەننا (سەماوە) بوو، کە لە رۆژی (2024/12/14) هەڵدرایەوە... بەمشێوەیە:

**1. گۆڕی بە کۆمەڵی قوربانیانی تاوانی ئەنفال**

تائێستا بە هەشت قۆناغ، (24) گۆڕی بە کۆمەڵی جینۆسایدکراوانی تاوانی ئەنفال هەڵدراونەتەوە.. بەمشێوەیە:

* (2) گۆڕی بە کۆمەڵ لە ناوچەی حەزەر لە موسڵ، لە (2005) لەلایەن شارەزاییانی ئەمریکی هەڵدرانەوە.

* (2) گۆڕی بە کۆمەڵ لە ناوچەی حەیدەرییە لە پارێزگای نەجەف، کە لە (6/5 بۆ 2008/7/2) هەڵدراونەتەوە.

* (3) گۆڕی بە کۆمەڵ لە تۆپزاوە لە پارێزگای کەرکوك، کە لە (12/6 بۆ 2009/12/17) هەڵدراونەتەوە.

* (6) گۆڕی بە کۆمەڵ لە ناوچەی مەهاری لە پارێزگای دیوانیە بە دوو قۆناغ هەڵدراونەتەوە، قۆناغی یەکەم لە (6/12 بۆ 2011/7/28) و قۆناغی دووەم لە (9/28 بۆ 2011/11/6) و هەر قۆناغی سێ گۆڕ هەڵدراوەتەوە.

* (6) گۆڕی بە کۆمەڵ لە ناوچەی حەمرین لە (2012) هەڵدراوەتەوە.

* (3) گۆڕی بە کۆمەڵ لە نوگرەسەلمان، کە لە (25 ـ 2013/11/26) هەڵدراونەتەوە.

* (1) گۆڕی بە کۆمەڵ لە ناوچەی تل شێخیە "بە شێخیە یەك پۆلێنکراوە" لە پارێزگای سەماوە لە (2019) هەڵدراوەتەوە.

* (1) گۆڕی بە کۆمەڵی لە ناوچەی تل شێخیە "بە شێخیە دوو پۆلێنکراوە" لە پارێزگای سەماوە، کە لە (2024/12/14 بۆ 2025/1/18) هەڵدراوەتەوە.

نابێت بیرمان بچێت، لەم ژمارانەدا گۆڕی (106) روفاتەکەی گۆڕستانی قەزای دووبز لە کەرکوك ئەژمارنەکراوە، چونکە ئەم روفاتانە لە گۆڕی بە کۆمەڵدا نەبوون، بەڵکو لە گۆڕی ئاساییدا بوون و قوربانیەکانی لەو ئەنفالکراوان بوون، کە لە سەربازگەی دووبز زیندانی بوون و بەهۆی برسێتی و نەخۆسی گیانیان لەدەستدابوو و لەلایەن خەڵکی ناوچەکە لە گۆڕی ئاساییدا بە خاك سپێردرابوون.

هەروەها ئەوە دەخەینەڕوو، گۆڕە بە کۆمەڵەکانی حەمرین، بریتی بوون لە شەش گۆڕ، بەڵام تەنیا یەك گۆڕێیان رووفاتی تێیدا بوو، پێنج گۆڕەکەی دیکە هیچ رووفاتێکی تێیدا نەبوو، هەروەها ئەوانەی نوگرەسەلمان، لە سێ گۆڕدا، یەك گۆڕێیان هیچ رووفاتێکی تێیدا نەبوو، ئەمەش بەپێی پێناسەکەی یاسای پاراستنی گۆڕی بە کۆمەڵ، نابێت بە گۆڕ ئەژمار بکرێن، بەڵام لەبەر ئەوەی فەرمانگەی پاراستنی گۆڕە بە کۆمەڵەکان ئەو گۆڕانەشی خستۆتە ئاماری گۆڕە هەڵدراوەکان، بۆیە لێرەدا وەك گۆڕ ئەژمارکراوە.

## 2. گۆڕی بە کۆمەڵی جینۆسایدکراوانی بارزانیەکان

تائێستا بە سی قۆناغ، (5) گۆڕی بە کۆمەڵی جینۆسایدکراوانی تاوانی جینۆسایدی بارزانیەکان هەڵدراونەتەوە.. بەمشێوەیە:

* (2) گۆڕی بە کۆمەڵ لە ناوچەی (البصیه) لە پارێزگای موسەننا، لە (2005) لەلایەن شارەزاییانی ئەمریکی هەڵدراونەتەوە.

* (2) گۆڕی بە کۆمەڵ لە ناوچەی (البصیه/ العفایف) لە پارێزگای موسەننا، کە بە (عەفایف یەك) پۆلێنکراوە و لە ساڵی (17 . 2013/11/23) هەڵدراونەتەوە.

* (1) گۆڕی بە کۆمەڵ لە ناوچەی (البصیه/الشراکیه) لە پارێزگای موسەننا، کە بە (عەفایف دوو) پۆلێنکراوە و لە (14 . 2022/2/28) هەڵدراوەتەوە.

3.گۆڕی بە کۆمەڵی تاوانەکانی دیکە

جیا لە تاوانەکانی جینۆسایدی ئەنفال و بارزانیەکان، ژمارەیەك گۆڕی بە کۆمەڵی دیکەی تایبەت بە کورد و هەرێمی کوردستان هەڵدراونەتەوە، کە ئەم گۆڕانە دەکەونە سنوری جوگرافی هەرێمی کوردستان و ژمارەیان (11) گۆڕی بە کۆمەڵە... بەمشێوەیە:

* (2) گۆڕی بە کۆمەڵ لە گوندی (صوریا) لە پارێزگای دهۆك لە (2010).

* (1) گۆڕی بە کۆمەڵ لە قەزای کفری لە سنوری ئیدارەی گەرمیان لە (2010).

* (1) گۆڕی بە کۆمەڵ لە قەزای چەمچەماڵ لە (2010).

* (1) گۆڕی بە کۆمەڵ لە ناوچەی شاخکێ لە پارێزگای دهۆك لە (2010).

* (1) گۆڕی بە کۆمەڵ لە ناوچەی خەلەکان لە پارێزگای سلێمانی لە (2013/6/5).

* (3) گۆڕی بە کۆمەڵ لە لە پارێزگای هەڵەبجە، لە ناوچەکانی (دۆڵەمەڕ و شێخ ئیسماعیل و ئەحمەد ئاوا، کە لە (2 . 2014/6/5) هەڵدراونەتەوە.

* (1) گۆڕی بە کۆمەڵ لە کارگەی قیر لە پارێزگای هەولێر، لە (2 . 2013/6/4) هەڵدراونەتەوە.

* (1) گۆڕی بە کۆمەڵ لە ناوچەی بەختیاری لە قەزای خانەقین، کە لە (3 . 2014/6/8) هەڵدراونەتەوە.

## بەشی سێیەم: ژمارەی قوربانیانی گۆڕی بە کۆمەڵ

تائێستا ئامارێکی ڕاست و دروست سەبارەت بە قوربانیانی گۆڕی بە کۆمەڵ لە عێراق لە بەردەستدا نییە، هەندێك بە نیو ملیۆن قوربانی ئاماژەی بۆ دەکەن و هەندێك سەرچاوەی تر بە یەك ملیۆن، سەرچاوەکانی تریش بە (300) هەزار قوربانی ئاماژەی بۆ دەکەن، ئەمەش بەهۆی زۆری تاوانەکانی ڕژێمی بەعس و زۆری گۆڕە بە کۆمەڵەکان.. بۆیە لێرەدا تەنها ژمارەی رووفاتی قوربانیانی کورد "کە هێنراونەتەوە بۆ کوردستان" و بابەتی پشکنینی (DNA) بۆ ناسینەوەیان بە دوو تەوەر دەخەینەڕوو:

## تەوەری یەکەم: ژمارەی روفاتی قوربانیانی کورد

تائێستا (2711) رووفاتی قوربانیانی کورد و هاونیشتمانی باشوری کوردستان لە گۆڕی بە کۆمەڵدا هەڵگیراونەتەوە، لەو ژمارەیە (1900) رووفاتیان تایبەتن بە دۆسیەی تاوانی ئەنفال و (696) رووفاتیان تایبەتن بە دۆسیەی جینۆسایدی بارزانیەکان و (115) رووفاتیان تایبەتن بە دۆسیەکانی دیکە، کە لە (11) گۆڕ لە سنوری کوردستان هەڵگیراونەتەوە.

لەم ژمارەکارییەدا پشت بە دوو ئاماری ئاماژە بۆکراو و بەراوردکردنی بە ژمارەی کێلی رووفاتەکان لە مۆنۆمێنت و شوێنەکانی بە خاکسپاردنیان کراوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی تائێستا ئامارێکی دروست راست و بەردەست نییە بۆ ژمارەی رووفاتەکان یاخود بڵێین ئاماری ژمارەی ئەو روفاتانەی لە نێو گۆڕی بە کۆمەڵ هەڵگیراونەتەوە و پەیوەست بە قوربانیانی کورد و هاونیشتمانی هەرێمی کوردستان، تەنانەت ئەو ئامارانەی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانیش چەندجارێك بڵاویکردۆتەوە، لەگەڵ ژمارەی گۆڕی ئەو روفاتانەی کە لە مۆنۆمێنتەکان بەخاك سپێردراون، بە ئاستێکی زۆر جیاوازییان هەیە.

ئەمە جیا لەوەی ژمارەی رووفات لە نێوان هەڵگرتنەوەی لە گۆڕی بە کۆمەڵدا تاکو کاتی بە خاکسپاردنەوەی، گۆڕانکاری بەسەردا دێت و زۆرجاران ژمارەکە کەم یاخود

زیاد دەکات، چونکە پاش هەڵگرتنەوەی لە گۆڕدا، روفاتەکان رەوانەی پزیشکی دادی دەکرێت بۆ رێکخستنەوەی جارێکی تری ئیسکی لاشەی هەر رووفاتێك و زۆرجاران ئێسکی رووفاتێکی نیو لاشە لە کاتی هەڵگرتنەوە تێکەڵ بە ئێسکی روفاتێکی دی دەبێت، بۆ نموونە لە هەڵدانەوەی گۆڕە بە کۆمەڵەکانی ناوچەی (مەهاری) لە پارێزگای دیوانیە، ژمارەی رووفاتە هەڵگیراوەکان بریتی بوون لە (724) رووفات، بەڵام پاشتر لە پزیشکی دادی پێداچونەوە و رێکخستنەوە بۆ لاشەی روفاتەکان کراوە و ژمارەکە بەرزبۆتەوە بۆ (730) رووفات.. هەر بۆیە لەم بەشەدا جیا لە پشتبەستن بە چەند ئامارێك، هاوکات پشت بە ژمارەی گۆڕەکان لە نێو گۆڕستانەکان لە مۆنۆمێنتەکانی چەمچەماڵ و دوکان و گەرمیان و تۆپزاوە و بارزان و شوێنەکانی تر بەستراوە بۆ زانینی ژمارەی دروستی ئەو روفاتانەی هێنراونەتەوە.. ئەویش بەمشێوەیە:

## 1. (1900) روفاتی قوربانیانی تاوانی جینۆسایدی ئەنفال

تائێستا بە هەشت قۆناغ، تەنها روفاتی (1745) روفاتی قوربانیانی ئەنفال هێنراونەتەوە بۆ هەرێمی کوردستان، کە لە ناوچەکانی (قەزای دوکان، گۆڕستانی دێبنە لە گەرمیان و مۆنۆمێنتی ئەنفال لە چەمچەماڵ و گۆڕستانی سەربازگەی تۆپزاوە) بە خاك سپێردراون، هەروەها (155) رووفات، کە لە گۆڕی بە کۆمەڵی پۆلێنکراوە بە "بە شێخیەی دوو" لە پارێزگای موسەننا لە مانگی (12ی2024) دەرهێنراون و رووفاتەکان لە پزیشکی دادی بەغدایە و هێشتا نەهێنراونەتەوە، کە کۆی گشتی دەکاتە (1900) روفاتی قوربانیانی تاوانی ئەنفال... ئەویش بەمشێوەیە:

.أ. مۆنۆمێنتی دوکان: (256) رووفات، کە لە دوو گۆڕی بە کۆمەڵ لە ناوچەی حەزەر لە موسڵ بوون.

.ب . مۆنۆمێنتی ئەنفال لە چەمچەماڵ: تائێستا (1010) روفاتی بۆ گەڕاوەتەوە، بەم جۆرە:

* (106) روفات، کە لە گۆڕستانی قەزای دووبز لە پارێزگای کەرکوك بوون و پێکدێن لە رووفاتی (104) منداڵ و ژنێکی دووگیان، کە بە دوو (2) رووفات ئەژمار دەکرێت.

* (730) روفات، کە لە شەش گۆڕی بە کۆمەڵ لە ناوچەی مەهاری لە پارێزگای دیوانیە بوون.

* (172) روفات لە گۆڕە بە کۆمەڵەکەی ناوچەی تل شێخیە (پۆلێنکراوە بە تل شێخیەی یەك) لە پارێزگای سەماوە.

* (2) روفات، ئەم دوو رووفاتە لەو (158) روفاتەی گۆڕە بە کۆمەڵەکەی ناوچەی حەمرینە، کە لە گەرمیان نێژراون، بەڵام دوو روفاتیان هێنراوەتەوە بۆ سنوری چەمچەماڵ، چونکە بەپێی ئەو ناسنامانەی لە گیرفانیان بووە، خەڵکی سنوری چەمچەماڵ بوون.

. ج . مەزاری قوربانیانی ئەنفال لە (دێبنە) لە ناحیەی ڕزگاری لە گەرمیان: تائێستا (399) روفاتی بۆ گەڕاوەتەوە... بەمشێوەیە:

* (187) روفات لە دوو گۆڕی بە کۆمەڵی ناوچەی حەیدەرییە لە پارێزگای نەجەف.

* (156) روفات لە شەش گۆڕی بە کۆمەڵ لە حەمرین.

* (56) روفات لە سێ گۆڕی بە کۆمەڵ لە نوگرەسەلمان.

. د . گۆڕستانی سەربازگەی تۆپزاوە: (80) روفات بە خاك سپێردراون، ئەم روفاتانە لە (3) گۆڕی بە کۆمەڵ لە نێو سەربازگەکە بوون و پرۆسەی هەڵدانەوەی گۆڕەکان لە (2009/12/6 بۆ 2010/12/17) خایاند.

جیا لەوانە، (155) روفاتی قوربانیانی تاوانی ئەنفال لە پزیشکی دادی بەغدایە، کە لە گۆڕی بە کۆمەڵی پۆلێنکراوە بە "بە شێخیە دوو" لە پارێزگای موسەننا بوون و گۆڕەکە لە مانگی (12ی2024) هەڵدرایەوە.

**2. (696) روفاتی قوربانیانی تاوانی جینۆسایدی بارزانیەکان**

تائێستا تەنها بە سی قۆناغ، (696) روفاتی قوربانیانی جینۆسایدی بارزانیەکان هێنراونەتەوە بۆ هەرێمی کوردستان و لە مۆنۆمێنتی قوربانیان لە بارزان بە خاك سپێردراون، بەمشێوەیە:

1. (503) روفات لە دوو گۆڕی بە کۆمەڵ لە ناوچەی (البصیه) لە پارێزگای موسەننا.

2. (93) روفات لە دوو گۆڕی بە کۆمەڵ لە ناوچەی (البصیه/ العفایف) لە پارێزگای موسەننا، کە بە عەفایف یەك پۆلێنکراوە.

3. (100) روفات لە گۆڕێکی بە کۆمەڵ لە ناوچەی (البصیه/ الشراکیه) لە پارێزگای موسەننا، کە بە عەفایف دوو پۆلێنکراوە.

3. (115) روفاتی تاوانەکانی دیکە

بەپێی دوو ئاماری ئاماژە بۆکراوە، تائێستا روفاتی (115) قوربانی تاوانەکانی دیکە لە (11) گۆری بە کۆمەڵ لە سنوری هەرێمی کوردستان هەڵگیراونەتەوە و لە ناوچەی جیاجیا بە خاك سپێردراونەتەوە.

* (39) روفات لە دوو گۆڕی بە کۆمەڵ لە گوندی (صوریا) لە پارێزگای دهۆك، کە (14) قوربانیان کورد و (25) قوربانیان مەسیحی بوون، لەلایەن تیمی تیمی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان لە ساڵی (2010) هەڵدراوەتەوە.

* (28) روفات لە گۆڕێکی بە کۆمەڵ لە قەزای کفری لە سنوری ئیدارەی گەرمیان، کە لە ساڵی (2010) هەڵدراوەتەوە و مێژووی تاوانەکە بۆ حەرەس قەومیەکان دەگەڕێتەوە و رووفاتەکان لە مۆنۆمێنتی کفری بە خاك سپێردراون.

* (3) روفات لە گۆڕێکی بە کۆمەڵ لە قەزای چەمچەماڵ، کە لە ساڵی (2010) هەڵدراوەتەوە و تائێستا مێژووی تاوانەکە و قوربانیەکانی نەزانراوە.

* (14) روفات لە گۆڕێکی بە کۆمەڵ لە لە ناوچەی شاخکێ لە پارێزگای دهۆك.

* (5) روفات لە گۆڕێکی بە کۆمەڵ لە ناوچەی خەلەکان لە پارێزگای سلێمانی

* (6) روفات لە گۆڕێکی بە کۆمەڵ لە کارگەی قیر لە پارێزگای هەولێر.

* (3) روفات لە گۆڕێکی بە کۆمەڵ لە ناوچەی دۆڵەمەڕ لە پارێزگای هەڵەبجە.

* (3) روفات لە گۆڕێکی بە کۆمەڵ لە ناوچەی ئەحمەدئاوا لە پارێزگای هەڵەبجە.

* (1) روفات لە گۆڕێکی بە کۆمەڵ لە ناوچەی شێخ ئیسماعیل لە پارێزگای هەڵەبجە.

* (13) روفات لە گۆڕێکی بە کۆمەڵ لە ناوچەی بەختیاری لە قەزای خانەقین.

**تەوەری دووەم: پشکنینی (DNA) و ناسینەوەی روفاتەکان**

لەگەڵ ئەوەی بەپێی یاسای کاروبار و پاراستنی گۆڕە بە کۆمەڵەکان، هەر لە ساڵی (2006)ەوە، پزیشکی دادی (الگب العدلی) راسپێردرابوو بۆ وەرگرتن و کۆکردنەوەی سامپڵی خوێن لە کەسوکاری قوربانیانی بێسەروشوێنکراوان، بەڵام ئەم پرسە تا ساڵانی دوای کۆتاییهاتنی جەنگی (داعش) جێبەجێنەکرا.. بەڵکو تەنها نموونەی ئێسك لە روفاتەکان وەردەگیرا و کۆدی بۆ دادەنرا و هەمان کۆدیش لەسەر کێلی روفاتەکان لە دوای بەخاکسپاردنەوەیان دادەنرا، تا ئەوەی لە هەر کاتێکدا سامپڵی خوێن لە

کەسوکاری قوربانیان وەرگیرا و ئەنجامی (DNA)یەکان بەراوردکرا، ئەوە بە کۆدی سەر کێلەی گۆڕەکان، ناسنامەی روفاتەکەی ناوی ئاشکرابکرێت.

لە ساڵی (2018)ەوە، عێراق دەستیکرد بە دانانی بانکی زانیاری (DNA)، بە وەرگرتنی سامپڵی خوێن لە کەسوکاری قوربانیان و بۆ ئەمەش تائێستا چەندین هەڵمەتی وەرگرتنی سامپڵی خوێنی لە کەسوکاری قوربانیان لە شارەکانی عێراق ئەنجامداوە، بەڵام لە هەرێمی کوردستان، دوای حەوت ساڵ پاشتر، لە شوباتی ساڵی (2024) دەستکرا بە هەڵمەتی وەرگرتنی سامپڵی خوێن لە کەسوکاری ئەنفالکراوان و تائێستا (6) هەڵمەت ئەنجامدراوە، کە بە کۆی گشتی سامپڵی خوێن لە (2214) کەسوکاری ئەنفالکراو بۆ ناسینەوەی (2545) جینۆسایدکراو وەرگیراوە.. ئەویش بەمشێوەیە:

1. هەڵمەتی یەکەم لە (2024/2/17 بۆ 2024/2/23) لە قەزای چەمچەماڵ، لەم قۆناغەدا، (354) سامپڵی خوێن وەرگیراوە بۆ ناسینەوەی (377) جینۆسایدکراوە.

2. هەڵمەتی دووەم لە (2024/3/3 بۆ 2024/3/8) لە قەزای کەلار، لەم قۆناغەدا، (251) سامپڵی خوێن وەرگیراوە بۆ ناسینەوەی (493) جینۆسایدکراوە.

3. هەڵمەتی سێیەم لە (2024/12/1 بۆ 2024/12/4) لە قەزای کۆیە، لەم قۆناغەدا، (314) سامپڵی خوێن وەرگیراوە بۆ ناسینەوەی (321) جینۆسایدکراوە.

4. هەڵمەتی چوارەم لە (2024/11/24 بۆ 2024/11/28) لە قەزای کەلار، لەم قۆناغەدا، (217) سامپڵی خوێن وەرگیراوە بۆ ناسینەوەی (410) جینۆسایدکراوە.

5. هەڵمەتی پێنجەم لە (2025/2/16 بۆ 2025/2/20) لە قەزای چەمچەماڵ، لەم قۆناغەدا، (375) سامپڵی خوێن وەرگیراوە بۆ ناسینەوەی (420) جینۆسایدکراوە.

6. هەڵمەتی شەشەم لە (2025/2/6 بۆ 2025/2/13) لە قەزای کۆیە، لەم قۆناغەدا، (703) سامپڵی خوێن وەرگیراوە بۆ ناسینەوەی (524) جینۆسایدکراوە.

له ئەنجامی ئەم شەش هەڵمەتە، کە (33) ڕۆژی فیعلی خایاند لە قەزاکانی چەمچەماڵ و کەلار و کۆیە، بە کۆی گشتی سامپڵی خوێن لە (2214) کەسوکاری ئەنفالکراو بۆ ناسینەوەی (2545) جینۆسایدکراو وەرگیراوە.

## بەشی چوارەم: عێراق و هەرێمی کوردستان و پرسی گۆڕی بە کۆمەڵ

لەم بەشەدا کار و هەنگاوەکانی دەوڵەتی عێراق و هەرێمی کوردستان لە دۆسیەی گۆڕی بە کۆمەڵ دەخەینە بەرباس و دەبینین لە عێراقدا وردتر و یاساییانەتر کار بۆ ئەم دۆسیەیە کراوە بە بەراورد بە هەنگاوەکانی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ئەوەشدا پرسی پەراوێزخستنی گۆڕی بە کۆمەڵی قوربانیانی کورد لەلایەن دامەزراوە پەیوەندیدارەکانی عێراق دەخەینەڕوو، ئەویش لە (3) تەوەردا:

### تەوەری یەکەم: عێراق و پرسی گۆڕی بە کۆمەڵ

وەك لە پێشتر باسمان کرد، دەرکەوتنی قەبارەی زۆری ژمارەی گۆڕی بە کۆمەڵ و بە ڕۆژەڤبوونی ئەو پرسە لە ناوخۆیی عێراق و کوردستان و جیهان، وایکرد ئەم دۆسیە ببێتە جێی گرنگ و بایەخی هەمەلایەنە و پێویستی گرتنەبەری هەنگاو لەو بارەوە بکات.. لەم ڕووەوە عێراق تائێستا چەند هەنگاو و ڕێکارێکی گرتۆتەبەر:

#### ڕێکاری یەکەم: یاسای پاراستنی گۆڕە بە کۆمەڵەکان:

کۆمەڵەی نیشتمانی عێراق "پەرلەمانی عێراق بۆ قۆناغی ڕاگوزەر"، یاسای پاراستنی گۆڕە بەکۆمەڵەکان بە ژمارە (5)ی ساڵی (2006) پەسەند دەکات و دەبێت بە یەکەم یاسا لە مێژووی عێراق کە تایبەت بە گۆڕی بەکۆمەڵ دابنرێت.

لەم یاسایەدا؛ ڕۆڵی سەرەکی لە ئامارکردن و هەڵدانەوەی گۆڕە بە کۆمەڵەکان و دیکۆمێنتکردنیان، دراوە بە وەزارەتی مافی مرۆڤ، ئەمەش وەك لە بڕگەی دووەم لە مادەی یەکەم هاتووە:(تتولى وزاره حقوق الانسان الدور الرئيسى فى عمليه فتح مقابر الجماعيه وحصر اعدادها و توپيق محتوياتها).

هاوکات وەك لە بڕگەی دوو لە مادەی دووەمدا هاتووە، نووسینگەیەك دادەمەزرێت لە ناو وەزارەتی مافی مرۆڤی عێراق، بە ناوی (نووسینگەی زانیاری کاروباری گۆڕە بەکۆمەڵەکان) و ئەرکی ڕێکخستنی داتای گۆڕە بە کۆمەڵەکان و ژمارەی روفاتەکان و ... هتد دەبێت.

یاساکە خاڵی نییە لە کەموکوڕی و زۆر بابەت و دەستەواژەی یاسایی تایبەت بەم پرسەی لە بیرکردووە، لە دیارترینیان وەك پێشتر خراوەتەڕوو، لە پێناسەی گۆڕی بە کۆمەڵدا، یاسادانەر کەوتۆتە هەڵەوە و تەنها گۆڕی قوربانیانی تاوانی جینۆسایدی وەك گۆڕی بە کۆمەڵ ناساندووە و گۆڕی بە کۆمەڵی دیکەی وەك گۆڕە نەناساندووە، ئەمەش هەڵەیەکی زۆر گەورەی یاساییە و پێشێلکردنی مافی قوربانیانی تاوانەکانی دیکەی بەعسە وەك قوربانیانی تاوانەکانی جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و ... هتد. هەروەها بە هیچ جۆرێك ئاماژەی تیمی هونەری (فرق الفنيه)ی تایبەت بە هەڵدانەوەی گۆڕی بە کۆمەڵ نەکردووە و بگرە بۆ هەڵدانەوەی هەر گۆڕێك، ئەوەی خستۆتەڕوو، کە دەبێت لیژنەیەك لە یەکە ئیدارەییەکانی ئەو ناوچەیە پێکبێت، کە گۆڕە بە کۆمەڵەکەی لێیە و ئەوان هەڵدەستن بە هەڵدانەوەی گۆڕەکە.

جیا لەمانە، هیچ ڕۆڵ و پێگەیەکی بۆ هەرێمی کوردستان و وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان دیاری نەکردووە لە پرسی گۆڕە بە کۆمەڵەکان، کە زۆرترین قوربانی گۆڕەکان لە نەتەوەی کوردن.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەم یاساییە بە کرداری لە ساڵی (2008) کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە و چەندین گۆڕی بە کۆمەڵ هەڵدرانەوە و هاوکات هاوبەشی بە

وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان دەکرا، نەك تەنها لە پرسی هەڵدانەوەی گۆڕی بە کۆمەڵی قوربانیانی کورد، تەنانەت لە هەڵدانەوەی زۆر گۆڕی بە کۆمەڵی قوربانیانی شیعەشدا، هاوبەشی بە تیمەکەی هەرێمی کوردستان دەکرا.

لە ساڵی (2015)، ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، یاسای ژمارە (13)ی ساڵی (2015)، یاسای هەمواری یەکەمی یاسای پاراستنی گۆڕە بە کۆمەڵەکان بە ژمارە (5)ی ساڵی (2006)ی دەرکرد و زۆر بڕگە و مادەی یاساکەی هەموارکردەوە، لە دیارترینیان، وەك لە مادەی یەکەم هاتووە، ناوی یاسای پاراستنی گۆڕە بە کۆمەڵەکان بۆ (یاسای کاروبار و پاراستنی گۆڕە بە کۆمەڵ) گۆڕدرا و هەروەها لە مادەی (3)دا، (نووسینگەی زانیاری کاروباری گۆڕە بەکۆمەڵەکان)ی هەڵوەشاندۆتەوە و لە شوێنیدا (فەرمانگەی کاروبار و پاراستنی گۆڕی بە کۆمەڵ)ی دامەزراند.

هاوکات لە مادەی (6)دا بە شێوەی یاسایی ئاماژە بە هاوبەشیکردنی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان کراوە، بەوەی لە هەر پارێزگایەك کە گۆڕی بە کۆمەڵ هەڵدەدرێتەوە، دەبێت لیژنەیەك بە سەرۆکایەتی سەرۆکی دادگا تێهەڵچونەوەی ئەو شارە و ئەندامێتی فەرمانگە پەیوەندیدارەکانی وەك پۆلیس و پزیشکی دادی و ..هتد، پێکبهێنرێت بۆ سەرپەرشتی و چاودێری پرۆسەی هەڵدانەوەکە و لەم لیژنەیەدا وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان دەبێت نوێنەرێکی هەبێت، هەرچی ئەرکی هەڵدانەوەی گۆڕەکانە خستۆیەتیە ئەستۆی تیمی شارەزای گۆڕە بە کۆمەڵەکان، کە دەبێت پێکبهێنرێت و راهێنانیان تایبەت بەو بوارەیان پێی بکرێت.

لە دوای چارەسەری کەموکوڕی و تێبینیەکان لە هەمواری یەکەمی یاسای گۆڕە بە کۆمەڵەکان لە ساڵی (2015)، دەتوانین بڵێین، یەکێکە لە یاسا هەر باشەکان لە ئەمڕۆی عێراقدا.

تا ساڵی (2015)، دۆسیەی گۆڕی بە کۆمەڵ لە ئەستۆی وەزارەتی مافی مرۆڤی عێراق بوو، بەڵام لە دوای هەڵوەشاندنەوەی ئەو وەزارەتە، دۆسیەکە دەدرێتە دەزگای شەهیدانی عێراق و فەرمانگەی کاروبار و پاراستنی گۆڕە بە کۆمەڵەکانیش دەخرێتە سەر دەزگای ئاماژە بۆکراو و ناوەکەشی دەگۆڕدرێت بۆ (فەرمانگەی کاروبار وپاراستنی گۆڕە بە کۆمەڵەکان و بێسەروشوێنان).

پاشتر لە هەمواری یەکەمی یاسای دەزگای شەهیدانی عێراق لە ساڵی (2024)، پرسێکی گرنگی گۆڕی بە کۆمەڵ لە چوارچێوەی هەموارەکەدا جێی دەکرێتەوە، ئەویش بریتیە لەوەی هەر زەوییەك کە گۆڕی بە کۆمەڵی تێیدا دەدۆزرێتەوە، ئەگەر زەوییەکە موڵکی دامەزراوەیەکی حکومی بوو، دەبێت موڵکداری زەوییەکە بگوازرێتەوە سەر دەزگای شەهیدان و ئەوانیش پابەندن بە گرتنەبەری رێکاری پێویست بۆ پاراستنی گۆڕەکان وەك دیاریکردنی شوێنەکە و دانانی تابلۆ و تەلەبەندکردنی و لە پاشانیش پاراستنی ئاسەوارەکانی لە دوای هەڵدانەوەی گۆڕەکە.

هەروەها لە یاساکە و هەموارەکانیدا ئاماژە بەوە دراوە، ئەگەر زەوییەکە موڵکی تایبەتی کەسێك بێت، ئەوە خاوەن زەوییەکە پابەندە بە راگرتنی هەموو جۆرە کارکردنێك لە زەوییەکەیدا و فەرمانگەی گۆڕە بە کۆمەڵەکانیش پابەندە بەوەی لە رۆژی ئاشکرابوونی گۆڕە بە کۆمەڵەکە تا ساڵێك، ئەو گۆڕە هەڵبداتەوە و لەو ماوەیەشدا پیویستە دەزگای شەهیدان قەرەبووی مادی خاوەن زەوییەکە بکاتەوە، ئەگەر بەهۆی راگرتنی کارکردن تێیدا زیانی مادی بە خاوەن زەوییەکە گەیشت بوو.

نابێت بیرمان بچێت، بەوە پێیەی دەزگای شەهیدان، دەزگایەکی سەربەخۆیە و راستەوخۆ بەستراوەتەوە بە ئەنجومەنی وەزیران، هەر بۆیە دەتوانین بڵێین دۆسیەی گۆڕە بە کۆمەڵەکان ئەمڕۆکە بەستراوەتەوە بە ئەنجومەنی وەزیران، کە بەرزترین دەسەڵاتی جێبەجێکردنە لە عێراق.

**ڕێکاری دووەم: دیاریکردنی ڕۆژی نیشتمانی گۆڕی بە کۆمەڵ**

ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق لە ساڵی (2007)، بڕیاریدا بە دیاریکردنی ڕۆژی (16) ئایاری هەموو ساڵێك، وەك ڕۆژی نیشتمانی گۆڕی بە کۆمەڵ، ئەمەش بە پشتبەستن بە ڕاسپارەکانی کۆنفرانسی یەکەمی گۆڕی بە کۆمەڵ، کە لە شاری لەندن لە بەریتانیا لە ڕۆژی (2006/9/16) سازدرا.

دیاریکردنی (16)ی ئایار وەك ڕۆژی نیشتمانی گۆڕی بە گۆمەڵ، دەگەڕێتەوە بۆ هەڵدانەوەی یەکەم گۆڕی بە کۆمەڵ لە دوای ڕووخانی ڕژێم لە ڕۆژی (16ی ئایار 2003)، کە دوو گۆڕ بوو لە ناوچەی (مەحاویل) لە پارێزگای بابل، کە قوربانیانی ڕاپەڕینی شوعبانیەی باشوری عێراق لە ساڵی (1991) تێیدا بوو.

**ڕێکاری سێیەم: دانانی بانکی زانیاری (DNA):**

لەگەڵ ئەوەی بەپێی یاسای کاروبار و پاراستنی گۆڕە بە کۆمەڵەکان، هەر لە ساڵی (2006)ەوە، پزیشکی دادی (الگب العدلی) ڕاسپێردرابوو بۆ وەرگرتن و کۆکردنەوەی سامپڵی خوێن لە کەسوکاری قوربانیانی بێسەروشوێن، بەڵام ئەم پرسە تا ساڵانی دوای کۆتایهاتنی جەنگی (داعش) جێبەجێنەکراوە.. بەڵکو تەنها نموونەی ئێسك لە ڕوفاتەکان وەردەگیرا و کۆدی بۆ دادەنرا و هەمان کۆدیش لەسەر کێلی ڕوفاتەکان لە دوای بەخاکسپاردنەوەیان دادەنرا، تا ئەوەی لە هەر کاتێکدا سامپڵی خوێن لە کەسوکاری قوربانیان وەرگیرا و ئەنجامی (DNA)یەکان بەراوردکرا، ئەوە بە کۆدی سەر کێلەی گۆڕەکان، ناسنامەی ڕوفاتەکەی ناوی ئاشکرابکرێت.

ئەگەرچی عێراق ئەم ڕێکارەی وەك چارەسەرێکی مام ناوەند بۆ ئەم پرسە پەنای بۆ برد، بەڵام لە بنەڕەتدا هەڵەیەکی زانستی بوو، چونکە وەك پاشتر دێنەسەری، دەبوو وەرگرتنی سامپڵی خوێن لە کەسوکاری قوربانیان پێش هەڵدانەوەی گۆڕی بە کۆمەڵ ئەنجام بدرایە، چونکە مردنی کەسوکاری قوربانی بە هەر هۆیەك بێت، کێشەی گەورە بۆ ناسینەوەی ڕوفاتەکان دروست دەکات.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا لە ساڵی (2018)ەوە، عێراق دەستیکرد بە دانانی بانکی زانیاری (DNA)، بە وەرگرتنی سامپڵی خوێن لە کەسوکاری قوربانیان و بۆ ئەمەش تائێستا چەندین هەڵمەتی وەرگرتنی سامپڵی خوێنی لە کەسوکاری قوربانیان لە شارەکانی عێراق ئەنجامداوە، بەڵام لە هەرێمی کوردستان، لە شوباتی ساڵی (2024) دەستکراوە بە هەڵمەتی وەرگرتنی سامپڵی خوێن لە کەسوکاری ئەنفالکراوان و تائێستا (6) هەڵمەت ئەنجامدراوە، کە بە کۆی گشتی سامپڵی خوێن لە (2214) کەسوکاری ئەنفالکراو بۆ ناسینەوەی (2545) جینۆسایدکراو وەرگیراوە.

### ڕێکاری چوارەم: بنکەی زانیاری و ئامار:

لە عێراق بنکەیەکی داتاپەیستی ئامار و زانیاری و دیکۆمێنتی تایبەت بە گۆڕی بە کۆمەڵ هەیە، بەڵام هیچ زانیارییەك سەبارەت بە داتاکان و کۆکردنەوەی ئامارەکان بەردەست نیە، بەهۆی سیاسەتی تاك ناوەندی بۆ پاراستنی زانیارییەکان.

عێراق لەم پرسەدا وەك دۆسیەیەکی ئاسایشی نیشتمانی مامەڵە لەگەڵ دۆسیەکە دەکات و زانیارییەکان بەردەست ناخات، لە هەمانکاتدا ڕەنگە ئەم جۆرە مامەڵەیەی عێراق پەیوەندیی بەوەوە هەبێت، تا پرسی کەمی هەڵدانەوەی گۆڕی قوربانیانی نەتەوەیەك بە بەراورد بە نەتەوەیەکی دی، نەکرێت بە بابەتی جیاکاری و وەك جیاکارییەکی نەتەوەیی نەوروژێنرێت.

### تەوەری دووەم: کورد و پرسی گۆڕی بە کۆمەڵ

ئەوەی جێی تێڕامان و هەڵوەستەکردن، کاتێك بەراوردی ژمارەی گۆڕی بە کۆمەڵ و قوربانیەکان و مێژووی یەکەم گۆڕ لە عێراق لە نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردوو دەکەیت و بەراوردی دەکەیت بە هەنگاوی لایەنەکانی وەك حکومەتی هەرێم و

پەرلەمان و وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان، تووشی سەرسوڕمان و شۆك دەبیت، کاتێك دەبینیت نەك وەك وڵاتە پێشکەوتۆکان کاری لەسەر دۆسیەی گۆڕی بە کۆمەڵ نەکردووە، تەنانەت بە ئەندازەی دەوڵەتی عێراقیش لەم پرسەدا هەنگاوی نەناوە.

وەلاوەنانی ئەم دۆسیەیە بۆ هەر میللەت و نەتەوەیەکی دی ئاسایی بێت، بۆ کورد نەك ئاسایی نییە، بەڵکو تاوانێکە دەچێتە خانەی لەبیرکردنی رابردوو، رابردوودییەك کە تێکهەڵکێشراوە لە گۆڕی بە کۆمەڵەی رۆڵەکانی.

کاتێك ژمارە و مێژووی گۆڕەکان و ژمارەی قوربانیانی کورد و ژمارەکانی تاوانەکانی ئەنجامدراو بەرانبەر بە کورد بەراورد بە یەك دەکەین و پاشتر بە هەنگاوەکانی لایەنە پەیوەندیدارەکانی هەرێمی کوردستان لە پرسی گۆڕی بە کۆمەڵ بەراوردی دەکەین، هەنگاوێکی بناغەیی ئەوتۆ نابینین.. راستە لە رابردوودا هەرێمی کوردستان تیمی هەڵدانەوەی گۆڕی بە کۆمەڵی هەبووە و رۆڵی بینیەوە هەڵدانەوەی ژمارەیەك گۆڕ و هێنانەوەی روفاتەکان بۆ هەرێمی کوردستان، بەڵام وەك ئاماژەی پێدراوە، لە تاوانی ئەنفالدا، کە گەورەترین تاوانە بەرانبەر بە گەلی کورد ئەنجامدراوە، ژمارەی رووفاتەکان تەنها (1900) رووفاتە، کە دەکاتە لە (1%) کۆی قوربانیانی تاوانەکە.

هەموو ئەمانەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی هەنگاوی بناغەیی (ستراتیژی) لەم پرسەدا لای دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان و لە سەرووی هەمووشیانەوە، وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان، کە دیارترینیان بریتیە لە:

یەکەم: نەبوونی یاسای گۆڕە بە کۆمەڵەکان: تائێستا لە هەرێمی کوردستان، یاساییەك نییە تایبەت بە دۆسیەی گۆڕە بە کۆمەڵەکان، کە چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم دۆسیەیە لە گەڕان و رووپێویکردن ودیکۆمێنتکردن و ئامارکردنی ولایەنەکانی تری ئەم بابەتە رێکبخات، بەڵام بە پێچەوانەوە لە عێراقدا یاسای تایبەت بەم دۆسیەیە هەیە و هەموو لایەنەکانی ئەم پرسەی رێکخستووە.

دووەم: بەڕێوبەرایەتی گۆڕی بە کۆمەڵ: لە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان، بەڕێوبەرایەتیەك هەیە بە ناوی (بەڕێوبەرایەتی گۆڕە بە کۆمەڵەکان)، بەڵام ئەم بەڕێوبەرایەتی هیچ پاڵپشتیەکی یاسایی نییە وەك ئەوەی فەرمانگەی کاروبار وپاراستنی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی عێراق، کە پاڵپشت بە یاساییەك دامەزراوە و پێدەچێت ئەم بەڕێوبەرایەتی هەرێم بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزارەت یاخود ئەنجومەنی وەزیران دامەزرابێت، چونکە لە یاسای وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان بە ژمارە (8)ی ساڵی (2006)، کە ئاماژە بە هەیکەلیەتی وەزارەت و بەڕێوبەرایەتیەکان دەکات، هیچ بەڕێوبەرایەتیەك بە ناوی (بەڕێوبەرایەتی گۆڕە بە کۆمەڵەکان) لە یاساکەدا ئاماژەی بۆ نەکراوە.

سەبارەت بە پرسی گۆڕی بە کۆمەڵیش، تەنها لە بڕگەی دەیەم لە مادەی دووەمی یاساکە، کە باس لە ئامانجەکانی وەزارەت دەکات، هاتووە:"گەڕان بە دوای چارەنووسی ئەنفالکراوان و دۆزینەوەی گۆڕە بە کۆمەڵەکان و گێڕانەوەیان بۆ زێدی خۆیان".

بە وردبونەوە لەم بابەتە، دەبینین تەنانەت بەڕێوبەرایەتی گۆڕە بە کۆمەڵەکانیش بناغەیی نییە، چونکە ئەم بەڕێوبەرایەتیە پاڵپشتی یاسایی نییە و بە بڕیار دامەزراوە و هیچ کات بڕیار شوێنی یاسا ناگرێتەوە.

سێیەم: ڕۆژی نیشتمانی گۆڕی بە کۆمەڵ: تائێستا لە هەرێمی کوردستان ڕۆژێك دیاری نەکراوە وەك ڕۆژی نیشتمانی گۆڕی بە کۆمەڵ، سەرەڕای ئەوەی کورد پشکی شێری لە قوربانیانی گۆڕی بە کۆمەڵ بەردەکەوێت، ئەمەش بەڵگەیە بۆ نەبوونی هەنگاوێکی بناغەیی بۆ بە نیشتمانیکردنی ئەم پرسە یاخود بڵێین نەبوونی هیچ هەنگاوێك بۆ نیشتمانسازی لە دۆسیەی گۆڕی بە کۆمەڵ لە هەرێمی کوردستان.. لەکاتێکدا لە عێراق ڕۆژی (16)ی ئایاری هەموو ساڵێك وەك ڕۆژی نیشتمانی گۆڕی بەکۆمەڵ دیاریکراوە وەك پێشتر خراوتەڕوو.

چوارەم: نەبوونی بانکی زانیاری (DNA): تائێستا لە هەرێمی کوردستان، بانکێکی زانیاریی تایبەت بە پشکنینی (DNA) و وەرگرتنی سامپڵی خوێن لە کەسوکاری قوربانیان و کۆکردنەوەی زانیارییەکانی ئەم بوارە بوونی نییە، لەکاتێکدا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ واریسی قوربانیان بەهۆی نەخۆشی و هەڵکشانی تەمەن گیانلەدەست دەدەن، بەتایبەت باوك و دایکی قوربانیان، کە بەپێی ڕێکارە زانستیەکان، بۆ ناسینەوەی رووفاتی گۆڕی بە کۆمەڵ، واباشتر و لە پێشترە کە سامپڵی خوێن لە باوك و دایکی قوربانی وەربگرێت، لە دواتر ئەگەر ئەوان لە ژیان نەمابوون، ئەوکات لە سێ لە خوشك و براکانی یاخود منداڵەکانی قوربانیەکە، ئەگەر خێزانداربوو.

لەم لایەنەوە بەهۆی کەمتەرخەمی هەرێمی کوردستان بۆ دامەزراندنی بانکێکی زانیاری (DNA) لە ساڵانی رابردوو، دەتوانین بڵێین زانیارییەکی زۆر وون بوون یاخود فەوتاون، بۆ نموونە؛ کەسوکاری قوربانی سەڵت بووە و لە پاشانیش دایك و باوکی کوچیان کردووە و ئێستا تەنها یەك برای ماوە یان یەك خوشك و برای ماوە تا دەگاتە نموونەکانی تر، ئەمەش پرۆسەی ناسینەوەی روفات قورستر دەکات.

پێنجەم: بنکەی زانیاری و ئامار: تائێستا هیچ بنکەیەکی داتاپەیستی ئامار و زانیاری و دیکۆمێنتکردنی تایبەت بە گۆڕی بە کۆمەڵ لە هەرێمی کوردستان بوونی نییە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی یاسایەکی تایبەت بە گۆڕی بە کۆمەڵ وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کردووە و بەو هۆییەوە تەنانەت ئامارێکی وردی نەك سەرجەمی گۆڕە بە کۆمەڵەکان لە هەرێم بەردەست نییە، تەنانەت ئاماری ئەو روفاتانەش بەردەست نیین کە گەڕێنراونەتەوە بۆ هەرێمی کوردستان، بۆ نموونە ئەو ئامارانەی وەزارەتەی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان چەندجارێك بڵاویکردۆتەوە، لەگەڵ ژمارەی گۆڕی ئەو روفاتانەی کە لە چەمچەماڵ و گەرمیان و دوکان و تۆپزاوە و بارزان بەخاك سپێردراون، بە ئاستێکی زۆرجیاوازییان هەیە.. ئەمەش دەریدەخات کە ئەوەی کراوە بە هەنگاوی بناغەیی نەبووە و جۆرێك لە پاشاگەردانی دروستکردووە.

شەشەم: کەلوپەلی ناو گۆڕەکان: تائێستا هیچ زانیاری و ئامارێك لە بارەی کەرەستە و کەلوپەل (مقتنیات)ی ناو گۆڕەکان بەردەست نیین و تەنانەت ئەو کەرەستانەش کە بەڵگەی تاوانکارییەکانن لە هیچ شوێنێك وەك مونۆمێنت و مۆزەخانەکان نمایش نەکراون و بە نهێنی و بە شاردراوی هێڵدراونەتەوە و نازانرێت چۆن و لە کوێ هەڵگیراون.

## تەوەری سێیەم: عێراق و پەراوێزخستنی گۆڕی بە کۆمەڵی قوربانیانی کورد

کاتێك لە پرسی گۆڕە بە کۆمەڵەکان لە عێراقدا، قسە لەسەر پەراوێزخستنی دۆسیەی قوربانیانی کوردی تاوانەکانی بەعس دەکەین، کە زیاتر لە (80%) قوربانیانی گۆڕی بە کۆمەڵەکانی سەردەمی بەعس لە نەتەوەی کوردن.

نەبینین و پەراوێزخستن و وەلاوەنانی دۆسیەی قوربانیانی کورد لەم پرسەدا بە ئەندازەیەکە، کە لە ماوەی (10) ساڵی نێوان (2015 . 2025)دا، لە کۆی (153) پرۆسەی هەڵدانەوەی گۆڕی بە کۆمەڵ، تەنها (3) گۆڕی بە کۆمەڵی تاوانەکانی ئەنفال و بارزانیەکان هەڵدراونەتەوە.. کە لەم خوێندنەوەدا بە داتا و ژمارە لە (5) خاڵدا دەیانخەینەڕوو:

یەکەم: لە عێراق تائێستا (171) گۆڕی بە کۆمەڵ هەڵدراوەتەوە، کە تەنها (40) گۆڕێیان پەیوەستن بە کورد و سنوری هەرێمی کوردستان.

دووەم: لە کۆی ئەو (40) گۆڕەی هەڵدراونەتەوە، تەنها (2) گۆڕێیان بە تەنها لەلایەن دامەزراوەکانی عێراق لە ساڵانی (2002 و 2024) هەڵدراونەتەوە و (29) گۆڕێیان بە هاوبەشی هەردوو تیمی گۆڕی بە کۆمەڵی کوردستان و عێراق هەڵدراونەتەوە و (4) گۆڕێیان لەلایەن ئەمریکیەکان هەڵدراونەتەوە و (5) گۆڕێیان لەلایەن تیمی گۆڕی بە کۆمەڵی کوردستان هەڵدراونەتەوە.

سێیەم: لە ماوەی (10) ساڵی (2015 بۆ 2025)، تەنها (3) گۆڕی بە کۆمەڵی تاوانەکانی جینۆسایدی ئەنفال و بارزانیەکان هەڵدراونەتەوە، لە بەرانبەردا (153) گۆڕی دیکە هەڵدراونەتەوە، کە (12) گۆڕی بە کۆمەڵیان تایبەتە بە تاوانەکانی بەعس و (141) گۆڕیان تایبەتن بە تاوانەکانی داعش.

چوارەم: دوای (20) ساڵ لە هەڵدانەوەی چوار گۆڕی بە کۆمەڵی قوربانیانی کورد، لە ساڵی (2024) دەستکرا بە وەرگرتنی سامپڵی خوێن لە کەسوکاری قوربانیانی کورد، لە کاتێکدا ئەو پرۆسەیە لە ساڵی (2017) لە عێراق دەستی پێکردووە.

پێنجەم: تائێستا نەتوانراوە یەك رووفاتی قوربانیانی کورد لە رێگای پشکنینی (DNA) بناسرێنەوە، ئەمەش بەهۆی دواکەوتن لە وەرگرتنی سامپڵی خوێن لە کەسوکاری قوربانیانی کورد، کە بەو هۆیەوە زانیارییەکی زۆر وون بوون، بۆ نموونە؛ لە ماوەی (22) ساڵی رابردوودا، واریسێکی زۆری قوربانیان بەهۆی نەخۆشی و هەڵکشانی تەمەن گیانیان لەدەستداوە، بەتایبەت باوك و دایکی قوربانیان، لە کاتێکدا بەپێی رێکارە زانستیەکان، بۆ ناسینەوەی رووفاتی گۆڕی بە کۆمەڵ، واباشتر و لە پێشترە کە سامپڵی خوێن لە باوك و دایکی قوربانی وەربگرێت، لە دواتر ئەگەر ئەوان لە ژیان نەمابوون، ئەوکات لە سێ لە خوشك و براکانی یاخود منداڵەکانی قوربانیەکە، ئەگەر خێزاندار بوو.

**چارەسەر و پێشنیار:**

لە دەرئەنجامی ئەم خوێندنەوەیە روون دەبێتەوە، کە دەوڵەتی عێراق لە پرسی گۆڕی بە کۆمەڵ زۆر لە پێش هەرێمی کوردستانەوەیە و هەنگاوەکانی عێراق زۆر بناغەیین و هەرچی هەرێمی کوردستانە، تائێستا هیچ بناغەییەکی بۆ ئەم بابەتە دانەمەزراندووە و ئەوەی لە رابردوو ئەنجامیداوە جیا لەوەی بناغەیی نەبووە و هیچ پاڵپشتیەکی یاسایی نییە، تەنها لە دوو بواردا بووە.. یەکەمیان: پێکهێنانی تیمێکی شارەزا بۆ

هەڵدانەوەی گۆڕی بە کۆمەڵ و ئەم تیمە ڕۆڵی باشی لە هەڵدانەوەی زۆر گۆڕی بە کۆمەڵ بینیووە و دووەمیان: هێنانەوەی ڕوفاتی قوربانیانی نێو گۆڕە بە کۆمەڵەکان بۆ هەرێمی کوردستان، بەدەر لەمە هیچ شتێکی تر نەکراوە، بۆیە ئەم چارەسەرانە پێویستە بگیرێتەبەر:

1. پەرلەمانی کوردستان یاسایەکی تایبەت بە پرسی گۆڕی بە کۆمەڵ و قوربانیانی گۆڕەکان دەربکات، بۆ ڕێکخستنی هەموو لایەنەکانی تایبەت بەم دۆسیەیە.

2. ساڵانە بودجەیەکی تایبەت بە هەڵدانەوەی گۆڕی بە کۆمەڵ دیاری بکرێت.

3. پەرلەمانی کوردستان بە بڕیارێکی پەرلەمانی ڕۆژێك لە هەرێمی کوردستان، وەك ڕۆژی نیشتمانی گۆڕی بە کۆمەڵ دیاری بکات، کە گوزارشت بێت بۆ گۆڕی بە کۆمەڵی کورد، ئەمەش بە پشتبەستن بە لێکۆڵەوەرانی ئەم بوارە.

4. دامەزراندنی بانکی زانیاری (DNA)، بۆ وەرگرتنی سامپڵ لە کەسوکاری قوربانیان وکۆکردنەوەی زانیارییە پێویستیەکانی تایبەت بەم بوارە.

5. کەلوپەلی ناو گۆڕەکان: تەواوی کەلوپەلی ناو گۆڕە بە کۆمەڵەکان بەپێی زانستی دیکۆمێنت بکات و لە مۆنۆمێنتەکان نمایشیان بکات، لەگەڵ گرتنەبەری هەر ڕێکارێکی دیکەی پەیوەست بەم بوارە.

6. فشاری بەردەوام بخرێتە سەر دامەزراوەکانی دەوڵەتی عێراق، بۆ خێراکردنی هەڵدانەوەی گۆڕی بە کۆمەڵی قوربانیانی کورد، چونکە بەهۆی ئەوەی زیاتر لە (37) ساڵ بەسەر تاوانەکان تێپەڕیووە، مەترسی تێکچوون و شوێن بزربوونی گۆڕەکان هەیە.

7. هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی تایبەت بە پرسەکانی گۆڕی بە کۆمەڵ و بێسەروشوێنان وەك ڕێکخراوی (ICMP) و ڕێکخراوەکانی تر بکرێت، بۆ

سود وەرگرتن لە ئەزموونە نێودەوڵەتیەکان، بۆ دانانی بناغەیەکی یاسایی و کرداری بۆ دۆسیەی گۆڕە بەکۆمەڵ و دیکۆمێنتکردنی لە ئاستی نێودەوڵەتی و ...هتد.

تێبینی: ئەم بابەتە لە چاپی دووەمی کتێبی (عێراق.. وڵاتی گۆڕی بە کۆمەڵ) بڵاوکراوەتەوە، کە ساڵی (2025) چاپکراوە و هاوکات لە گۆڤاری تۆپزاوە، لە ژمارە (6 - 7)ی 2025/4/14 بڵاوبۆتەوە.

سەرچاوەکان:


1. رۆژنامەی وەقائیعی عێراق، ژمارە (4021) لە (2006/4/16).

2. رۆژنامەی وەقائیعی عێراق، ژمارە (4367) لە (2015/6/8).

3. رۆژنامەی وەقائیعی عێراق، ژمارە (4395) لە (2016/12/25).

4. رۆژنامەی وەقائیعی عێراق، ژمارە (4796) لە (2024/10/7).

5. رۆژنامەی وەقائیعی کوردستان، ژمارە (63) لە (2007/1/21).

6. ئاماری هەڵدانەوەی گۆڕە بە کۆمەڵەکان، ن: هوشیار عیزەدین، رۆژنامەی نوگرەسەلمان، ژمارە (7)ی رۆژی (2012/4/14)، لاپەڕە (4).

7. گۆڕە بە کۆمەڵەکان لە روانگەیەکی مێژوویی، عەدالەت عومەر، وێبسایتی ئەرشیفی نەتەوەیی جینۆسایدی گەلی کورد

https://ku.kgna.krd/blogs/categorys/%DA%AF%DB%86%D8%B1%DB%95%D8%A8%DB%95%DA%A9%DB%86%D9%85%DB%95%DA%B5%DB%95%DA%A9%D8%A7%D9%86

8. بماذا تختلف المقابر الجماعية عن غيرها؟ ومتى تعتبر "جريمة حرب"؟ وكيف تعاقب الأمم المتحدة مرتكبيها؟

https://arabicpost.net/%D9%85%D9%86%D9%88%D8%B9%D8%A7%D8%AA/2020/07/09/%D8%A7%D9%84%D9%85%D9%82%D8%A7%D8%A8%D8%B1-%D8%A7%D9%84%D8%AC%D9%85%D8%A7%D8%B9%D9%8A%D8%A9/

9. مذبحة "سيميل" الآشورية.. أولى إنجازات الحكم الوطني من المقابر الجماعية في العراق.

https://elaph.com/Web/Archive/1059931214400558100.htm

10. جريمة صوريا .. وحقوق الضحايا.

https://www.hhro.org/%D8%AC%D8%B1%D9%8A%D9%85%D8%A9-%D8%B5%D9%88%D8%B1%D9%8A%D8%A7-%D9%88%D8%AD%D9%82%D9%88%D9%82-%D8%A7%D9%84%D8%B6%D8%AD%D8%A7%D9%8A%D8%A7/%D9%85%D9%82%D8%A7%D9%84%D8%A7%D8%AA